# بانگەواز لە زنجیرەی شانۆی جیهانییەوە

شانۆنامە یەکێکە لە گرنگترین توخمە سەرەکییەکانی هەموو نەمایشێکی شانۆیی و مێژووی شانۆی جیهانییش هەر لە گریکەوە تا ئەمڕۆ لەسەر بنەماکانی ئەو شانۆنامانە ڕۆنراوە کە بەدرێژایی مێژوو نووسراون.

یەکێك لە قەیرانەکانی شانۆی کوردییش نەبوونی پیەسی شانۆی جیهانییە بە زمانی کوردیی، هەروەها شانۆی خۆماڵییش تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە بتوانێ پێداویستییەکانی ڕەوتی شانۆی کوردی دابینبکات. ئێمەی شانۆکارانی کورد زیاتر پشتمان بەو شانۆنامانە بەستووە کە بە دەستی دوو یان سێ لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕدراون.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەیش زنجیرەیەکی شانۆی جیهانی بڵاوبکەینەوە کە ڕاستەوخۆ لە زمانە

زیندووەکانی جیهانەوە وەرگێڕدرابن، تا پێداویستییەکانی قوتابییانی هونەر لە ئامۆژگا و ئەکادیمیا هونەرییەکانی کوردستان مسۆگەر بکات. هەروەها بتوانێ ڕەوتی شانۆی کوردی دەوڵەمەند بکات و دەروازەیەکی گرنگیش بەڕووی نووسەرە کوردەکاندا بکاتەوە، بۆ هاندان و سوود لێوەرگرتن و لەهەمانکاتدا کتێبخانەی کوردییش بە شانۆنامەی جیهانیی پڕبکاتەوە.

دەزگای ئاراس بە سوپاسەوە تا ئێستا بەدەم ئەم بانگەوازەمانەوە هاتووە و پشتگیرییەکی تەواومان لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامە جیهانییانەدا دەکات. من بەهاوکاری کۆمەڵێك هاوڕێ و هاوکاری زمانزان لە ئەوروپا، سەرپەرشتی ئەم پرۆژەیە دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە شانۆنامەکان هەڵدەبژێرن، پیادەچنەوە، بەراوردی دەکەن و پێشەکی بۆ دەنووسن.

بۆ نموونە ئەمساڵ ئێمە 10 شانۆنامەمان هەڵبژاردوون و مانگانە لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاودەکرێنەوە. تا

ئێستا 5 ژماره لەو زنجیرەیە چاپ بووە و ژمارەکانی تریش بە ڕێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا چاپدەکرێن. لە ساڵی ئایندەشدا لە بەرنامەماندایە دوانزە ژمارە یان زیاتریش لە چاپدەین تا لە ئاییندەدا دەیگەیەنینە 100 سەد شانۆنامە.

هەر لەم بارەیەوە و لە ڕێگای ئەم بانگەوازەوە خوازیارین کە بە نووسەران و شانۆکارانی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە زمانێکی بیانیی دەزانن، ڕابگەیەنین کە ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین کە بە وەرگێرانی شانۆنامەی جیهانیی هاوکاریمان بکەن. تەنها مەرجی بڵاوکردنەوەی شانۆنامەکانیش ئەوەیە کە بەرهەمەکە ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کرابێتە کوردی و دەستنیشانی ئەو سەرچاوەیەش کرابێت کە پیەسەکەی لێوە وەرگیراوە.

دەتوانن بەشدارییەکانتان لەڕێگەی ئەم ئیمایلەوە بنێرن:

danamarouf@yahoo.se

دواتر خۆمان هەر لە ڕێگای ئیمایلەکانتانەوە پەیوەندیتان پێوە دەگرین و لە وادەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانتان ئاگادارتان دەکەین.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا

دانا ڕەئوف
تەمموزی 2007